بسم الله الرحمن الرحيم

# وەقایعی کوردستان

رۆژنامەی رەسمیی حکومەتی هەرێمی کوردستانە / وەزارەتی داد دەری دەکات

ژمارە (٨) | ساڵی یەکەم | ٢٠٠١/١/٦ ز | (١٦)ی بەفرانبار ٢٧٠٠ی کوردی | (١١) شەوال ١٤٢١ی کۆچی

## لەم ژمارەیەدا :


- **یاسای ژمارە (١٥)ی ساڵی ٢٠٠٠** ١
  یاسای پلە دارکردنە وەزیفییەکاتی دەرچوانی کۆلیجی زانستەکان (بەشی کیمیاو بایۆلۆجی )ی هەرێمی کوردستانی عێراق

- **یاسای ژمارە (١٦)ی ساڵی ٢٠٠٠** ٣
  یاسای یەکەم هەموارکردنی یاسای ژمارە (٨)ی ساڵی ١٩٩٩ی سەندیکای دەرمانسازانی هەرێمی کوردستانی عێراق

- **یاسای ژمارە (١٧)ی ساڵی ٢٠٠٠** ٥
  یاسای یەکەم هەموارکردنی یاسای ژمارە (٤)ی ساڵی ١٩٩٢ی وەزارەتی پەروەردەی هەرێمی کوردستانی عێراق

- **بڕیاری ژمارە (٣٧) لە ٢٠٠٠/١٢/٢٤** ٨
  بڕیاری دامەزراندنی دکتۆر جەرجیس حەسەن بە پایەی سەرۆکی دیوانی چاودێری دارایی


ئەرشیفی ڕۆژنامەی وەقایعی کوردستان
www.mojkurdistan.com

ناونیشان: هەولێر باڵەخانەی وەزارەتی داد
( ٢٠٥١٢ : ٤٣٥٣ : ٤٣٥٢ : ٤٣٥١

بسم الله الرحمن الرحيم

# وقائع كوردستان

الجريـدة الرسـمية لحكـومة أقليم كوردسـتان العـراق – تصـدرها وزارة العـدل

العـــدد (٨) السـنة الاولــى ٦ /١/٢٠٠١م (١٦) بەفـرانبـار ٢٧٠٠ ك (١١) شوال ١٤٢١ هـ

## في هـذا العـدد

• **قـانـون رقـم (١٥) لسنة ٢٠٠٠** ٩

قانون التـدرج الوظيفي لخريجي كليـةالعـلوم ـ الكيميـاء والبايولوجي ـ لأقليـم كـوردسـتان العـراق.

• **قانون رقـم (١٦) لسـنة ٢٠٠٠** ١١

قانــون التعديل الأول لقانون نقابة الصيادلة لأقليم كوردستان العراق رقم (٨) لسنة ١٩٩٩.

• **قانون رقـم (١٧) لسـنة ٢٠٠٠** ١٣

قانــون التعديل الأول لقانون وزارة التربيـة لأقليم كوردستان العراق رقم (٤) لسنة ١٩٩٢ .

• **قـرار رقم (٣٧) فــي ٢٤/١٢/٢٠٠٠** ١٥

قـــرار تعيـين الـدكتــور جـرجيس حسـن بمنصب رئيس ديـوان الرقابـة الماليـة .

ئـــەرشيفی ڕۆژنامەی وەقايعی كـــــوردستان

www.mojkurdistan.com

**بە ناوی خوای گەورەو میهرەبان**

**بە ناوی گەلەوە**
**ئەنجومەنی نیشتمانیی كوردستانی عێراق**
**ژمارەی بڕیـــار: ٣١**
**مێژووی بڕیـــار: ٢٠٠٠/١٢/١٢**

پشت بە حوكمەكانی بڕگە (١)ی ماددەی (٥٦)و ماددەی (٥٣)ی یاسای ژمارە (١)ی هەمواركراوی ساڵی(١٩٩٢)و لەسەر داواكاریی وەزیری پەروەردە و ئەو یاساكارییەش كە ئەنجومەنی نیشتمانیی كوردستانی عێراق لە دانیشتنی ژمارە (٢١)یدا لە رۆژی (٢٠٠٠/١٢/١١)دا كردوویەتیەو ، ئەو دەسەڵاتەی كە بە پێی بڕگە (٣)ی یاسای ژمارە (١٠)ی ساڵی ١٩٩٧ پێمان دراوە بڕیاری دەرهێنانی ئەم یاسایەمان دا :

**یاسـای**
**ژمـارە ( ١٥ )ی سـاڵی ( ٢٠٠٠ )**
**یاسـای**
**پلـەداركـردنە وەزیفییـەكـانی دەرچـوانی كـۆلێجی زانستـەكان**
**( بەشـی كیمیـا و بایـۆلـۆجی )ی هەرێمی كـوردسـتانی عێـراق**

**ماددەی یەكــەم :**

دەرچووی كۆلێجی زانستەكان ( بەشی كیمیا و بایۆلۆجی )لە تاقیگە سەرەكییەكانی نەخۆشخانەكانی پارێزگاكاندا بە پێی پێداویستی دەزگا تەندروستییەكان دادەمەزرێو ، بۆ ماوەی یەك ساڵ لە ژێر مەشقدا دەبێ .

**ماددەی دووەم :**

وەزارەتی تەندروستی ئەو مەشق كردووانە ، دوای تەواوكردنی ماوەی مەشق ، بەسەر مەركەزە تەندروستییەكانی دەرەوەی مەڵبەندی پارێزگاكانی هەرێمدا، بە پێی پێداویست دابەشی دەكاو تا دوو ساڵ دەمێننەوە .

**ماددەی سێیەم :**

ئەوانە. لە ماوەی پلەداركردنەكەدا، رێگایان پێ نادرێ كە دوای دەوامی رەسمی ئیختیصاصاتی خۆیان لە تاقیگە تایبەتییەكاندا پیادە بكەن،ماوەی پلەداركردنەكەشی (پێنج) ساڵە بۆ ئەوانەی كە خـــولی تاقیگەییەكە تەواو دەكەن، بەڵام بۆ ئەوانەی كە خولی تاقیگەییەكە تەواو دەكەن، بەڵام

ئەرشیفی رۆژنامەی وەقایعی كوردستان
www.mojkurdistan.com

بۆ ئەوانەی کە ناچنە خولەکەوە ماوەکە دەبێتە (دە) ساڵ و لەم بارەیاندا لیژنی هونـەریی وەزارەت ، لە رووی نەزەرییو عەمەلیشەوە هەڵیاندەسەنگێنیٚ .

**ماددەی چـوارەم :**

ئەوەی پلەدارکردنەکە دەیگرێتەوە، دەرماڵەی دنەدانی لە پاداشـتی دووریـی جێگـای ئیـشەکانیان بـۆ دەبڕدرێتەوە ، بەم جۆرەی خوارەوە:

١. جێگەی (أ) سەد دینار .
٢. جێگەی (ب) سەدو بیست و پێنج دینار .
٣. جێگەی (ج) سەدو پەنجا دینار .

**ماددەی پێنجـەم :**

وەزیری تەندروسـتیو کاروبـاری کۆمەڵایـەتی پێویـستە ئـەو جێگایانـە دیاربکـا کـە مـاددەی چـوارەم دەیانگرێتەوە .

**ماددەی شەشەم :**

وەزیری تەندروستی و کاروبـاری کۆمەڵایـەتی بـۆی هەیـە بەهاوتـەگبیری لـە گـەڵ وەزارەتـی دارایی‌و ئابووری پێکەوە رێنمایی پێویست بۆ ئاسانکردنی وەکارخستنی حوکمەکانی ئەم یاسایە دەربهێنیٚ .

**ماددەی حەوتەم :**

پێویستە ئەنجومەنی وەزیـــران حوکمەکانی ئەم یاسایە بخاتە کار .

**ماددەی هەشتەم :**

هەر دەقیٚ پێچەوانەی حوکمەکانی ئەم یاسایە بێت ، کاری پیٚ ناکریٚ .

**ماددەی نۆیەم :**

ئەم یاسایە لە رۆژی بلاو کـردنەوەی لە وەقـایعی کـوردسـتاندا ، دەخـرێتە کار .

ئـــەرشیفی رۆژنامەی وەقایعی کـــــوردستان
www.mojkurdistan.com

**د . رۆژ نـــوری شـاوەیـس**
**سـەرۆکی ئە نجـومەنی نیشتمانیی کوردسـتانی عێـراق**

**بە ناوی خوای گەورەو میهرەبان**

**بە ناوی گەلەوە**
**ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق**
**ژمارەی دەرهێنان : ٣٢**
**مێژووی دەرهێنان : ٢٠٠٠/١٢/١٣**

پشت بە حوکمەکانی برگە (١)ی ماددەی (٥٦)و ماددەی (٥٣) لە یاسای ژمارە (١)ی هەموارکراوی ساڵی(١٩٩٢)و لەسەر داواکاریی وەزیری تەندروستیو کاروباری کۆمەڵایەتی و رەزامەندی ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێم و ، ئەو یاساکارییەی ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق لە دانیشتنی ژمارە (٢٢)یدا لە رۆژی (٢٠٠٠/١٢/١٢) یاساکاری کردووە بڕیاری دەرهێنانی ئەم یاسایەمان دا :

**یاسای ژمارە ( ١٦ )ی ساڵی ( ٢٠٠٠ )**
**یاسای یەکەم هەموارکردنی یاسای ژمارە ( ٨ )ی ساڵی ( ١٩٩٩ )ی**
**سەندیکای دەرمانسازانی هەرێمی کوردستانی عێراق**

**ماددەی یەکەم :**

ئەم بڕگانەی خوارەوەی ماددەی شەشەم بەم شێوەیە دەخوێنرێتەوە :

**دووەم** : مزەی مۆڵەت ( رسم الأجازة )ی دانای دەرمانسازی ــ بە نیو دەوامی ــ (٢٥٠) دوو سەدو پەنجا دینارەو ، مزەی نوێکردنەوەی مۆڵەتی دەرمانسازی ( مەسئولی + ئیمتیاز ) ساڵانە (٤٠٠) چوار سەد دینارە .

**سێیەم** : مزەی مۆڵەتی دەرمانسازی ــ بە دەوامی تەواو ــ بۆ ( خانەنشینان ) (٥٠٠) پێنج سەد دینارەو ، مزەی نوێکردنەوەی مۆڵەتی دەرمانسازی ( مەسئولی + ئیمتیاز ) ساڵانە (٤٠٠) چوار سەد دینارە .

**چوارەم** : مزەی مۆڵەتی دانانی مەدخەر (١٠٠٠) هەزار دینارەو ، مزەی نوێکردنەوەی مۆڵەتی مەدخەر بۆ (خانەنشینان (مەسئولی + ئیمتیاز ) (٧٥٠) حەوت سەدو پەنجا دینارەو مزەی نوێکردنەوەی مۆڵەتی مەدخەر ــ بە نیو دەوامی ــ ساڵانە (٥٠٠) پێنج سەد دینارە .

**ماددەی دووەم :**

ماددە یازدە هەموار بکرێ و بەم شێوەیە بخوێنرێتەوە :

ئەرشیفی رۆژنامەی وەقایعی کوردستان

شەرتووشروت + دانانی دەرمانسازییەکە .

مۆڵەتی دانانی دەرمانسازی بەو کەسە دەدرێ کە ئەم شەرتوشروتەی هەبێ :

www.mojkurdistan.com

١. ناوی دەرمانسازییەکە .

٢. کرێبەندی ( عقد ایجار ) کە دایەرەی باجی مۆڵك و ماڵ تەسدیقی کرد بێ .
٣. ناوە بازرگانییەکەی کە ژووری بازرگانی بۆی مۆر کردبێ .
٤. رووبەرەکەی لە (٢٠ م٢) کەمتر نەبێ .
٥. پانایی دەرەوەی لە دوو متر و نیو کەمتر نەبێ .
٦. کاتی ڕووخان و سووتان دەشێ دەرمانسازییەکەی بە گواستنەوەی مۆڵەتەکەیەوە بە پێی شەرتوشروت ( تەنیا شەرتی رووبەر نەبێ ) بگوازرێتەوە بۆ جێگایەکی دیکە لە هەمان ناوچەدا تا کاتی گەڕانەوەی بۆ جێگا کۆنەکەی خۆی یا کردنەوەی دەرمانسازییەکی دیکە بە پێی شەرتوشروتی خۆی .

**ماددەی سێیەم :**

بڕگەی یەکەمی ماددەی بیست و پێنجەم هەمواربکرێ و بەم شێوەیە بخوێنرێتەوە :

١. کاروباری لق لیژنەیەك بەڕێوەی دەبا لە (پێنج) ئەندام پێك دێ واتا ( ٤ ئەندام + سەرۆك ) ، دەشبێ ماوەیەك پیشەکەیان کرد بێ لە ( پێنج ) ساڵ کەمتر نەبێ . ئەوانە ئەندامەکانی لق بە دەنگدانی نهێنی هەڵیاندەبژێرن .

**ماددەی چوارەم :**

ئەم یاسایە لە ڕۆژی بلاوکردنەوەی لە ڕۆژنامەی وەقایعی کوردستاندا ، دەخرێتە کار.

**د . ڕۆژ نوری شاوەیس**
**سەرۆکی ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق**

ئەرشیفی ڕۆژنامەی وەقایعی کوردستان
www.mojkurdistan.com

به ناوی خوای گەورەو میهرەبان

**بە ناوی گەلەوە**
**ئەنجومەنی نیشتمانیی كوردستانی عێراق**
**ژمارەی دەرهێنان: ٣٥**
**مێژووی دەرهێنان: ٢٠٠٠/١٢/١٨**

پشت بە حوكمەكانی برگە (١)ی ماددەی (٥٦)و ماددەی (٥٣)ی یاسای ژمارە (١)ی هەمواركراوی ساڵی(١٩٩٢)و لەسەر داواكاریی وەزیری پەروەردە و ئەو یاساكارییەش كە ئەنجومەنی نیشتمانیی كوردستانی عێراق لە دانیشتنی ژمارە (٢٣)یدا لە رۆژی (٢٠٠٠/١٢/١٧) كردوویەتی و ، ئەو دەسەڵاتەی كە بە پێی برگە (٣)ی یاسای ژمارە (١٠)ی ساڵی ١٩٩٧ پێمان دراوە بڕیاری دەرهێنانی ئەم یاسایەمان دا :

**یاسای ژمارە (١٧)ی ساڵی (٢٠٠٠)**
**یاسای**
**یەكەم هەمواركردنی یاسای ژمارە (٤)ی ساڵی (١٩٩٢)ی**
**وەزارەتی پەروەردەی هەرێمی كوردستانی عێراق**

**ماددەی یەكەم :**

ئەمەی خوارەوە لە كۆتایی ماددەی دووەمدا دادەنرێ‌و دەبێتە برگەی سێیەمی ماددەكە :

٣.وەزیر بۆ ئیدارەی كاروبار و بەجێهێنانی ئەرك و فرمانی هونەری و پەروەردەیی وزارەتەكەیدا راوێژكاری دەبێ ببێ و كۆمەكی پێ بكەن ، بەڵام نابێ لە (٣) سێ راوێژكاری زیاتر هەبن .

**ماددەی دووەم :**

ئەمەی خوارەوە لە كۆتایی ماددەی پێنجەمدا دادەنرێ‌و دەبێتە برگەی (١٥) پازدەهەمی ماددەكە

١٥. بزاڤ پێدانی تێكەڵاوی و سەرخستنی نێوان قوتابخانە و بیئەی ناوچەكەی و پتەوكردنی رۆڵی ئەنجومەنەكانی باوكان و مامۆستایان .

**ماددەی سێیەم :**

ماددەی یازدەم هەمواردەكرێ‌و بەم شێوەیەی خوارەوە دەخوێندرێتەوە :

١. وەزارەت باخچەی ساوایان بۆ منداڵانی تەمەن لە شەش ساڵ خوارتر دادەمەزرێنێ .
٢. شەرت و شروتی وەرگرتن و خوێندن بۆ باخچەكانی ساوایان رێك دەخا .
٣. بە پێی پێرۆیەكی تایبەت سەرپەرشتیی باخچەی ساوایانی ئەهلییش دەكا .

ئەرشیفی رۆژنامەی وەقایعی كوردستان
www.mojkurdistan.com

**ماددەی چوارەم :**

ئەمەی خوارەوە لە كۆتایی ماددەی پازدەمدا دادەنرێو و دەبێتە برگەی سێیەمی ماددەكە و بەم شێوەیە دەخوێندرێتەوە:

٣. هەلگرانی بڕوانامەی ماجستێر و دكتۆرا ئەوانەی لە مەسلەكی تەدریس لە سەر میلاكی وەزارەتی پەروەردە كار دەكەن ، هەموو ماف و ئیمتیازاتێكی هاوشانەكانی خۆیان كە لە زانكۆكان كاردەكەن ، هەیە .

**ماددەی پێنجەم :**

ئەمەی خوارەوە لە كۆتایی ماددەی شازدەمدا دادەنرێو دەبێتە برگەی سێیەمی ماددەكە و بەم شێوەیە دەخوێندرێتەوە :

٣. وەزارەت بە پێی رێنمایی تایبەت هەموو پێداویستیەكی پەروەردەیی وەك كەلوپەل ( اثاث ) و كتێب و لەوازمی قوتابخانەیی‌و شتی دیكەی لەو جۆرە بابەتانە ڕەنێودێنێو فەراهەمیان دەكا .

## پێكهاتەكانی وەزارەت

**ماددەی شەشەم :**

ماددەی بیست و یەكەم تایبەتە بە پێكهاتەكانی مەركەزی وەزارەت هەمواربكرێو بەم شێوەیەی خوارەوەی لێ بێت :

١. بەرێوەبەریی گشتیی دیوان ، سەرەڕای ئەوانەش كە لە پێڕۆكەیدا پێوە بەستراون ، ئەمانەشی پێوە دەبەسترێ :
   أ- نووسینگەی وەزیر .
   ب-نووسینگەی بریكاری وەزارەت .
   ج- نوویسنگەی پێوەندییە رۆشنبیرییەكان .
٢. بەرێوەبەریی گشتیی تەقویم و تاقیكردنەوەكان .
٣. بەرێوەبەربەریی گشتیی فێركاریی سانەوی و پیشەیی و پەیمانگاكان .
٤. بەرێوەبەریی گشتیی فێركاریی سەرەتایی‌و باخچەی ساوایان و لە ناوبردنی نەخوێندەواری .
٥. بەرێوەبەریی گشتیی بەرنامەو ئامرازی فێركاری‌و پلان دانانی پەروەردەیی .
٦. بەرێوەبەریی گشتیی بزاڤی وەرزشی‌و دیدەوانی‌و هونەری .
٧. بەرێوەبەریی گشتیی خوێندنی سریانی .
٨. بەرێوەبەریی گشتیی خوێندنی توركمانی .

ئەرشیفی ڕۆژنامەی وەقایعی كوردستان
www.mojkurdistan.com

**ماددەی حەوتەم :**

برگەی دووەمی ماددەی (بیست و دووەم ) هەمواردەكرێو ، لە كۆتاییدا برگە (٣،٤) یشی بۆ زیاد دەكرێ ، وەك ئەمانەی خوارەوە :

٢. وەزير بۆی هەيە ليژنەی هەميشەيی و ليژنەی رەفتەنی كە خۆی بەزەرووری بزانیٚ پيٚك بهيٚنیٚو ، بنەماو بەندو بەست (ضوابط) و ئيختيصاص و خەلاٚتيان بە پيٚی ريٚنمايی بۆ ديار بكا ، تا ئـەرك و فرمانیٚ كە پيٚيان دەسپيٚردریٚ پيـادەی بكـەن و ، راويـٚژو ئامۆژگـاريی هونـەریو پـەروەردەيیو ئيـداریو ياسـايی پيٚـشكەش بكـەن ، بۆيـشی هەيـە سـوود لـە شـارەزاو پـسپۆرو لايـەنی ديكـەی پيٚوەنديداريش لە دەرەوەی وەزارەتيش وەربگریٚ .

٣. وەزير بۆی هەيە ، لەسەر رەزامەنديی ئەنجومەنی وەزيران لە قەزايەكانـدا كـاتیٚ پيٚويـست بكـا بەريٚوەبەريی پەروەردە بكاتەوە كە هەندیٚ لە كارە تايبەتيەكانی بەريٚوەبەريی گشتيی پـەروەردە لەو يەكە ئيدارييەدا بە پيٚی ريٚنمايی پيٚويست بگريٚتە ئەستۆی خۆ .

٤. وەزيـر بـۆی هەيـە ، كـاتی پيٚويـست بەريٚوەبـەریو بـەش و هۆبـە لـە پيٚكهاتـەكانی وەزارەتـدا بكاتەوە .

**ماددەی هەشتەم :**

وەزير بـۆی هەيـە ريٚنمـايی و پيٚـڕۆی نـاوخۆ بـۆ ئاسـانكردنی بەكارخـستنی حوكمـەكانی ئـەم ياسـايە دەربهيٚنیٚ .

**ماددەی نۆيەم :**

هەر دەقیٚ پيٚچەوانەی حوكمەكانی ئەم ياسايە بیٚ ، كاری پیٚ ناكریٚ .

**ماددەی دەيەم :**

لەسەر ئەنجومەنی وەزيرانە حوكمەكانی ئەم ياسايە بخاتە كار .

**ماددەی يازدەم :**

ئەم ياسايە لە رۆژی بلاٚوكردنەوەی لە وەقايعی كوردستاندا ، دەخريٚتەكار .

**د . رۆژ نـــوری شـــاوەيـــس**
**ســـەرۆكی ئە نجـــومەنی نيشتمانيی كوردســـتانی عيٚـــراق**

ئـــــەرشيفی رۆژنامەی وەقايعی كـــــــــوردستان
www.mojkurdistan.com

## بە ناوی خوای گەورەو میهرەبان

**بە ناوی گەلەوە**
**ئە نجومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق**
**ژمارەی بڕیـــار: ٣٧**
**مێژووی بڕیـــار: ٢٠٠٠/١٢/٢٤**

(( بـڕیـــار ))

پـشت بـە حوکمـەکانی برگـە (١)ی مـاددەی (٥٦) لـە یاسـای ژمـارە (١)ی سـاڵی (١٩٩٢)ی هەموارکراوو ، ماددە چوار لە یاسای ژمارە (١٤)ی ساڵی ٢٠٠٠و لەسـەر پێشنیاری سـەرۆکی ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستانی عێراق ، ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێـراق لـە دانیشتنی ژمارە (٢٦)ی رێککەوتی (٢٠٠٠/١٢/٢٤)یدا بڕیاری ئەمەی خوارەوەیدا :

١. دامەزراندنی ( د.جرجیس حەسەن ) بە پایەی سـەرۆکی دیـوانی چـاودێری دارایـی هـەرێمی کوردستانی عێراق .
٢. لەسەر ئەنجومەنی وەزیرانە حوکمەکانی ئەم بڕیارە بخاتە کار .
٣. بڕیارەکە لە رۆژی (٢٠٠٠/١٢/٢٤)ەوە دەکەوێتە کار .

**د . رۆژ نـــوری شـــاوەیـــس**
**سـەرۆکی ئە نجـومەنی نیشتمانیی کوردسـتانی عێـراق**

ئـــــەرشیفی رۆژنامەی وەقایعی کــــــــوردستان
www.mojkurdistan.com

بسم الله الرحمن الرحيم

**بإسم الشعب**
**المجلس الوطني لكوردستان العراق**
**رقم الأصدار: ٣١**
**تأريخ الأصدار: ٢٠٠٠/١٢/١٢**

أستناداً الى احكام الفقرة (١) من المادة (٥٦) والمادة (٥٣) من القانون رقم (١) لسنة (١٩٩٢) المعدل وبناءاً على ما عرضه وزير الصحة والشؤون الأجتماعية و وافق عليه مجلس الوزراء وما شرعه المجلس الوطني لكوردستان – العراق بجلسته المرقمة (٢١) والمنعقدة في ٢٠٠٠/١٢/١١ وللصلاحية المخولة لنا بموجب الفقرة (٣) من القانون رقم (١٠) لسنة (١٩٩٧) قررنا اصدار القانون الأتي :

## قانون رقم (١٥) لسنة (٢٠٠٠)
## قانون التدرج الوظيفي لخريجي كلية العلوم – الكيمياء والبايولوجي لأقليم كوردستان العراق

**المادة الأولى :**

يعين خريج كلية العلوم / الكيمياء والبايولوجي في المختبرات الرئيسية في مستشفيات مراكز المحافظات وحسب حاجة المؤسسات الصحية ويخضع للتدريب لمدة سنة واحدة .

**المادة الثانية :**

تقوم وزارة الصحة بتوزيع المتدربين بعد أكمال مدة التدريب الى خارج مراكز محافظات الأقليم لمدة سنتين و حسب حاجتها .

**المادة الثالثة :**

لا يسمح لهم بممارسة أختصاصاتهم بعد أوقات الدوام الرسمي في المختبرات الخاصة اثناء مدة التدرج وهي خمس سنوات أذا أجتازوا دورة المختبرات وعشر سنوات في حالة عدم دخولهم دورة المختبرات وفي هذه الحالة يتم لهم تقيم عملي ونظري من قبل اللجنة الفنية في الوزارة .

**المادة الرابعة :**

يصرف للمشمول بالتدرج مخصصات تشجيعية عن البعد الجغرافي وكالأتي :

١. مائة دينار للموقع (أ) .
٢. (١٢٥) دينار للموقع (ب) .
٣. (١٥٠) دينار للموقع (ج) .

ئەرشیفی رۆژنامەی وەقایعی کوردستان
www.mojkurdistan.com

**المادة الخامسة :**

على وزير الصحة والشؤون الأجتماعية تحديد المناطق المشمولة بالمادة الرابعة أعــلاه .

**المادة السادسة :**

لوزير الصحة والشؤون الأجتماعية بالتنسيق مـع وزارة الماليـة والأقتـصاد أصـدار التعليمـات المقتـضية لتسهيل تنفيذ أحكام هذا القانون .

**المادة السابعة :**

على مجلس الوزراء تنفيذ أحكام هذا القانون .

**المادة الثامنة :**

لا يعمل بأي نص يتعارض و احكام هذا القانون .

**المادة التاسعة :**

ينفذ هذا القانون أعتباراً من تأريخ نشره في وقائــع كوردستان .

**د. رۆژ نــوری شــاويــس**
**رئيـس المجلس الوطـني لكـوردسـتان العــراق**

ئـــــەرشيفی رۆژنامەی وەقايعی كـــــــــوردستان
www.mojkurdistan.com

بسم الله الرحمن الرحيم

**بإسم الشعب**
**المجلس الوطني لكوردستان العراق**
**رقم الأصدار: ٣٢**
**تأريخ الأصدار: ٢٠٠٠/١٢/١٣**

أستناداً الى احكام الفقرة (١) من المادة (٥٦) والمادة (٥٣) من القانون رقم (١) لسنة (١٩٩٢) المعدل وبناءاً على ما عرضه وزير الصحة والشؤون الأجتماعية و وافق عليه مجلس الوزراء وما شرعه المجلس الوطني لكوردستان — العراق بجلسته المرقمة (٢٢) والمنعقدة في ٢٠٠٠/١٢/١٢ وللصلاحية المخولة لنا بموجب الفقرة (٣) من المادة الثانية من القانون رقم (١٠) لسنة (١٩٩٧) قررنا اصدار القانون الأتي :

## قانون رقم (١٦) لسنة (٢٠٠٠)
## قانون التعديل الأول لقانون نقابة الصيادلة لأقليم كوردستان العراق رقم (٨) لسنة ١٩٩٩

**المادة الأولى :**

تقرأ الفقرات التالية من المادة السادسة كما يلي :

**ثانياً** : يكون رسم اجازة فتح الصيدلية بنصف دوام (٢٥٠) مائتين وخمسين ديناراً و رسم تجديد أجازة الصيدلية ( المسؤولية + الأمتياز ) (٢٠٠) مائتي دينار سنوياً .

**ثالثاً** : يكون رسم اجازة فتح الصيدلية بدوام كامل ( للمتقاعدين ) (٥٠٠) خمسمائة دينار ورسم تجديد أجازة الصيدلية ( المسؤولية + الأمتياز ) (٤٠٠) اربعمائة دينار سنوياً .

**رابعاً** : يكون رسم أجازة فتح المذخر (١٠٠٠) الف دينار و رسم تجديد أجازة المذخر ( للمتقاعدين ) ( المسؤولية + الأمتياز ) (٧٥٠) سبعمائة و خمسين ديناراً و رسم تجديد أجازة المذخر بنصف دوام (٥٠٠) خمسمائة دينار سنوياً .

**المادة الثانية :**

تعدل المادة الحادية عشرة وتقرأ كالأتي:

شروط فتح الصيدلية

تمنح أجازة فتح الصيدلية للذي تتوافر فيه الشروط التالية :

١. عنوان الصيدلية .
٢. عقد أيجار مصدق من ضريبة العقار .
٣. الأسم التجاري مؤيدة من قبل غرفة التجارة .
٤. المساحة لا تقل عن (٢٠) متر مربع .
٥. الواجهة لا تقل عن مترين ونصف.

ئەرشيفى رۆژنامەى وەقايعى كوردستان
www.mojkurdistan.com

٦. في حالة الهدم أو الحريق يجوز أنتقال الصيدلية بنقل الأجازة الى مكان أخر في نفس المنطقة وفقاً للشروط عدا المساحة لحين عودته الى محله الأصلي أو فتح صيدلية أخرى وفقاً للشروط .

**المادة الثالثة :**

تعدل الفقرة الأولى من المادة الخامسة والعشرون وتقرأ كالأتي :

١. تدار شؤون الفرع من قبل لجنة تتألف من (خمسة) أعضاءمن ضمنهم رئيس الفرع (٤ + رئيس ) مارسوا المهنة مدة لا تقل عن (٥) سنوات وينتخبون بالأقتراع السري من قبل اعضاء الفرع .

**المادة الرابعة :**

ينفذ هذا القانون اعتباراً من تأريخ نشره في جريدة وقائع كوردستان .

**د. رۆژ نوری شاویس**
**رئيس المجلس الوطني لكوردستان العراق**

ئـەرشيفی رۆژنامەی وەقايعی كـوردستان
www.mojkurdistan.com

بسم الله الرحمن الرحيم

**بإسم الشعب**
**المجلس الوطني لكوردستان العراق**
**رقم الأصدار: ٣٥**
**تأريخ الأصدار: ٢٠٠٠/١٢/١٨**

أستناداً الى احكام الفقرة (١) من المادة (٥٦) والمادة (٥٣) من القانون رقم (١) لسنة (١٩٩٢) المعدل وبناءاً على ما عرضه وزير التربية و وافق عليه مجلس الوزراء وما شرعه المجلس الوطني لكوردستان – العراق بجلسته المرقمة (٢٣) والمنعقدة في ٢٠٠٠/١٢/١٧ وللصلاحية المخولة لنا بموجب الفقرة (٣) من القانون رقم (١٠) لسنة (١٩٩٧) قررنا اصدار القانون الأتي :

## قانون رقم (١٧) لسنة (٢٠٠٠)
## قانون
## التعديل الأول لقانون وزارة التربية لأقليم كوردستان العراق رقم (٤) لسنة ١٩٩٢

**المادة الأولى :**

يضاف ما يلي في نهاية المادة الثانية ويصبح الفقرة الثالثة لها :

٣. يكون للوزير مستشارون يساعدونه في أدارة شؤون الوزارة وتنفيذ مهماتها الفنية والتربوية على أن لا يزيد عددهم عن ثلاثة .

**المادة الثانية :**

يضاف في نهاية لمادة الخامسة ما يلي ويصبح الفقرة (١٥) الخامسة عشرة لها :

١٥. تنشيط التعامل والتفاعل بين المدرسة وبيئتها المحلية وتعزيز دور مجالس الأباء والمعلمين .

**المادة الثالثة :**

تعدل المادة الحادية عشرة وتقرأ كالأتي :

١. تؤسس الوزارة رياض الأطفال لمن هم دون سن السادسة .
٢. تنظم شؤون القبول والدراسة في رياض الأطفال .
٣. تشرف على رياض الأطفال الأهلية وفق نظام خاص.

**المادة الرابعة :**

يضاف يا يلي في نهاية المادة الخامسة عشرة ويصبح الفقرة الثالثة لها وتقرأ كالأتي :

٣. يتمتع حاملوا شهادة الماجستير والدكتوراه من العاملين في سلك التدريس على ملاك وزارة التربية بجميع الحقوق والأمتيازات التي يتمتع بها اقرانهم في الجامعات .

ئەرشيفى رۆژنامەى وەقايعى كوردستان
www.mojkurdistan.com

**المادة الخامسة :**

يضاف ما يلي في نهاية المادة السادسة عشرة ويصبح الفقرة الثالثة لها وتقرأ كالأتي :

٣. تقوم الوزارة بأنتاج وتوفير المستلزمات التربوية من اثاث وكتب ولوازم مدرسية وغير ذلك وفق تعليمات خاصة .

## تشـــكيلات الـــوزارة

**المادة السادسة :**

تعدل المادة الحادية والعشرون الخاصة بتشكيلات مركز الوزارة وتكون كالأتي :

١. المديرية العامة للديوان ويتربط بها أضافة الى مايرتبط بها في النظام :
   أ- مكتب الوزير .
   ب-مكتب وكيل الوزارة .
   ج- مكتب العلاقات الثقافية .
٢. المديرية العامة للتقويم والأمتحانات .
٣. المديرية العامة للتعليم الثانوي والمهني والمعاهد .
٤. المديرية العامة للتعليم الأبتدائي ورياض الأطفال ومحو الأمية .
٥. المديرية العامة للمناهج والوسائل التعليمية والتخطيط التربوي .
٦. المديرية العامة للنشاط الرياضي والكشفي والفني .
٧. المديرية العامة للدراسة السريانية .
٨. المديرية العامة للدراسة التركمانية .

**المادة السابعة :**

تعـــدل الفقرة الثانية من المادة الثانية والعشرون وتضاف اليها الفقرات ( ٣ ، ٤ ) في نهاية المادة وتكون كالأتي :

٢. للوزيـــر أن يشكل ما يراه ضرورياً من اللجان الدائمة والمؤقتة وأن يحدد أسس وضوابط تشكيلها وأختصاصاتها ومكافأة أعضائها بتعليمات للقيام بما يعهد اليها من مهام وتقديم المشورة الفنية والتربوية والأدارية والقانونية وله أن يستعين بالخبراء والمختصين والجهات ذات العلاقة لهذا الغرض من خارج الوزارة .

٢. للوزير بموافقة مجلس الوزراء أستحداث مديريات التربية في الأقضية عند الحاجة تمارس بعض اختصاصات المديرية العامة للتربية في وحداتها الأدارية والتي تحدد بتعليمات .

٣. للوزير أستحداث مديريات وأقسام وشعب في تشكيلات الوزارة عند الحاجة .

**المادة الثامنة :**

للوزير أصدار التعليمات والأنظمة الداخلية لتسهيل تنفيذ احكام هذا القانون .

**المادة التاسعة :**

لايعمل بأي نص يتعارض وأحكام هذا القانون .

**المادة العاشرة :**

ئـــەرشيفی رۆژنامەی وەقايعی كـــــــــوردستان

على مجلس الوزراء تنفيذ احكام هذا القانون .

**المادة الحادية عشرة :**

www.mojkurdistan.com

ينفذ هذا القانون اعتباراً من تأريخ نشره في جريدة وقائع كوردستان .

**د. رۆژ نـــوری شـــاويـــس**
**رئيـس المجلس الوطـني لكـوردسـتان العـراق**

**بسم الله الرحمن الرحيم**

**بإسم الشعب**
**المجلس الوطني لكوردستان العراق**
**رقم الأصدار: ٣٧**
**تأريخ الأصدار: ٢٠٠٠/١٢/٢٤**

(( قـــرار ))

أستناداً الى احكام الفقرة (١) من المادة (٥٦) والمادة (٥٣) من القانون رقم (١) لسنة (١٩٩٢) المعدل والمادة الرابعة من القانون رقم (١٤) لسنة ٢٠٠٠ وبناءاً على ما أقترحه رئيس وزراء أقليم كوردستان ــ العراق قرر المجلس الوطني لكوردستان — العراق بجلسته المرقمة (٢٦) والمنعقدة في ٢٠٠٠/١٢/٢٤ ما يلي :

١. تعيين الدكتور جرجيس حسن بمنصب رئيس ديوان الرقابة المالية لأقليم كوردستان ــ العراق .
٢. على مجلس الوزراء تنفيذ أحكام هذا القرار .
٣. يعتبر القرار نافذاً أعتباراً من تأريخ ٢٠٠٠/١٢/٢٤ .

**د. رۆژ نوری شاويس**
**رئيس المجلس الوطني لكوردستان العراق**

ئەرشيفی رۆژنامەی وەقايعی كوردستان
www.mojkurdistan.com